# راسپارده

-"ئەلۆ"؟
- "ئەلۆ"
-" ... "
- "ئەو رۆژانە بەرەو ولآت دەچمەوە. هەر راسپاردەیەکی هەتبێ، لە سەر چاوانمی دادەنێم".
- "چاوانت خۆش. هەر خۆشی تۆم دەوێ. سەفەر بەخێر".
-" ... "
- "مالآوا".
- "مالآوا".

× × ×

دیسانیشدرۆم کرد:
"هیچ راسپاردەم نییە."

وەی خۆزگە دەمتوانی بلێم،
چاوەکانم لە گەلّ خۆت بەرەوە و،
بە سەر چلۆوکی "تاقەدار"ەوە هەلّیانواسە!
با وەبیریان بێتەوە
دیمەنی راخوشینی ئەستێرەکان
لە شەوی ئەنگوستەچاوی ناهومێدییی دا و،
هەلّقرچانی گلێنەکان لە سەر سێلّی ئاسمان لە وەرزی وشکەسالّیدا،
بەلآم نەبان نەبوون لە خەون و تاسە.

خۆزگە هاورێ دەکرا بلێم،
باسکەکانم بەرەوە و،
لە پالّ دارەکانی "جەنگەلّی مەسنووعی" دا بیانچەقێنە!
بلآ دەمارەکانیان بە تەڕایی ئاوی سەددی سابلآغ ببووژێننەوە.
با بێتەوە بیریان ملانە لە گەلّ شەپۆل، خۆگێل کردن لە ترس، چاو دە چاوی مەرگ بڕین و،
پەڕینەوە لە ئاوی بێرەزا، تەنیا بۆ سەلماندنی لەدەستهاتن.

پێیەکانم بەرەوە!
با جارێکی دیکەش فێری پیاسەکردن لە کۆلآنە خۆلآوییەکان ببنەوە.
بیانبەوە با جارێکی دیکەش لە "لەندی شێخان" و "قەلآت" وەسەر کەون.
تاوەکوو دیسان متمانە بە پتەوبوونی زەوی بکەن،
بڕوا بکەنەوە بە هێز و وزەی وەسەرکەوتن و،
بە یادی گۆڕین، هەورازەکان کەوی بکەن.

دلّم بەرەوە و
شادی کەوە
بە کۆلآنە تەنگ و باریکەکەی "مەحموودکان" و

روخساری گنجاویی و فریشتەئاسای ئەو سەیزادەی کە ئێستاکەش چاوەڕوانی گەڕانەوەمە.
شادی کەوە بەو دەنگەی کە گوڕ و تینی هەزاران لاوی تێدا بوو لە "چوارڕێیانی ئازادیی" و،
بە برینی سەر سینگی ئەو دارە چنارەی "باخی مکایل"
کە یەکەم نەهێنی دڵداریمی بۆ ڕاگرتم.

گیانم بەرەوە و
بە مەهاباد دا کوت کوت بیگێڕە!
نە هیچ شوێنێک ببوێرە و نە هیچکەسێک، تەنانەت زیندووەکانیش:
دەبا گیانم چەپکێک مێلاقەی "هەوشینان"، چەپکێک بەیبوونی "هەڵگورد" و، چەپکێک شینکەی "ئاگری"
بچێنێ لە سەر گڵکۆکەی "هێمن".
(گەلێک کە گڵکۆی شاعیرەکەی بە بێ گوڵ بێ، هێشتاکوو خۆی نەناسیوە.)

هەموو چوارشەممۆیان گیانم بەرە بۆ لای "سەرخڕێ"،
با دەستی ئەم داپیرە بگرێ و بیباتە سەر "قەبران"
بۆ سەردانی گڵکۆی "هەژار"ی کوڕی. [١]

هاوڕێم!
کە لێیان پرسی بۆچی ناچمەوە،
با بزانن شازدە ساڵە خۆم بۆ ڕۆڵی یەکەمی شانۆی گەڕانەوە ڕادەهێنم.
بەڵام، چبکەم
زۆر دەترسم گەڕانەوەم کەوڕۆ لە سەفەری گەرمێن بگێڕێتەوە و
نیشتنەوەی ناوەخت فێری مەلانی ناو ڕکە بکا.
ئاخر من لە بیرم چۆتەوە باڵم هەر بە ڕادەی بەرینایی ڕکەکەم بکەمەوە.
من لە بیرم چۆتەوە لە ژێر پەردە دا بدوێم و
قسەکانم قووت دەم.
ئەوەی ئێستەش دەیکەم تەنیا بۆ چاوی کاڵی شیعرە.

بە ئەوانەی سۆراغم دەگرن بڵێ:
تەمەنم لە چل تێپەڕیوە،
بەڵام دڵم هەر ئەو بیست و شەش ساڵانەیە کە نیوەی لە مەهاباد بەجێ ما.
پێیان بڵێ غەریبی چەندە دڵناسکی کردووم و
چەند بە سانایی گریانم دێ،
کاتێ بە نەتەوەیەک دەگوترێ "برایان"،
بە ئاشتی و تەبایی دەگوترێ "برایەتیی" و،
بە خۆکوژیش دەڵێن "براکوژی".
وە زۆرتر لە هەموو کەسیش بەزەییم بە ئەوانە دا دێ
کە کوردی نووسین بە کۆنەپەرستیی دەزانن.

هاوڕێم!
پێیان بڵێ!
. . .
× × ×

- ″ئەلۆ″؟
-″ئەلۆ″.
- ″...″
- ″بەر لە فڕین، دیسان لێت دەپرسم: راسپادەیەکت نییە بۆ وڵات ؟″
- ″با، راسپاردەم هەیە″.
- ″بیڵێ! چییە؟″
- ″لە گەڵ خۆت بمبەوە″!

جەعفەری شێخەلیسلامی، ژوئەنی ٢٠٠٢، کەنەدا

==================================================================

١ ″سەرخڕێ زۆرتری هەموان بەشی تۆم        کۆرپەیەکی خڕەکەی باوەشی تۆم
یەکەمین شوێنی کە لێم دانا پێم        کوڕی خۆتم، بتەوێم یا نەتەوێم″-هەژار-
٢. پاشی حەوتوویەک